## عێراق و هاوپەیمانەکانی

ئەم وتارە بە شێوەیەکی"مەکرو" و زۆر سادە باسی ئەم خاڵانە دەکەت: هاوپەیمانەتی چییە، چۆنە و چەند جۆری هەیە لە عێرقدا؟ کام هاوپەیمانەتی جەماوەری، سیاسی، ئابوری و دینی،...دەسەڵاتدارە؟ ئایا هاوپەیمانەتی گۆڕانکاریەکی بینیوە لە زەماندا؟...هتد. وشەیەکی زۆر کورت لەسەر ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا، قەندیل و ئەنجامی ئەم وتارە.
ئەتوانین بڵێین کە کونسێپتی هاوپەیمانەتی: هاوکارییەکە (کە یەکێک لە پێکهاتەکانی سەرەکی بەرژەوەندییە، بەرژەوەندی جیاواز)، کە بەپێی بارودۆخەکە دەتوانێت مادی، نامادی( بیرکردنەوە، باوەڕ، سایکۆلۆجی)، ناچار یان ئازادانە...هتد، بێت؛ شێوەی جۆراوجۆری هەیە (ئەمنی، سیاسی، ستراتیژی، سیمبۆلێک، هەمیشەیی، کاتی، عەسکەری، ئابووری، دینی، تەندروستی، تەکنەلۆژی، داخلی، خارجی، کشتوکاڵ، میدیای، پەروەردەیی،...هتد)؛ و لە نێوان دوو یان چەند: کەس، دەوڵەت، عەشایر، ئەکتەری غەیری دەوڵی، کۆمپانیا، میلیشیا،...هتد، دروست دەبی کە بەپێی هۆکار و بارودۆخی جیاواز ئەم هاوکارییە درێژ یان کورتە.

چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" لەم وتارەدا، بە قووڵی باسی ئەم کونسێپتە لەوکاتەوە کە دەوڵەتی عێراق دروستبووە ناکەین. مێژووی عێراق چیمان پێ دەڵێت لە سەر هاوپەیمانەتی چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتدار یان جەماوەری؟ چین خاڵەکانی جیاواز و هاوبەشی ئەم هاوپەیمانەتی جەماوەری و دەسەڵاتداری کوردی و عەرەبی پێش و دوای ڕووخانی سەدام؟ ئایا ئەم کونسێپتە خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش بۆویە لە عێراقدا؟ نە. دەتوانین باسی چەند هاوپەیمانەتی دەسەڵاتداری عێراقی و جەماوەری بکەین لە ساڵی ١٩٣٢ تا ئێستا و پێویستە چی لەوان فێربین؟ چ جۆر هاوپەیمانییەک لە عێراقدا نییە؟
بارودۆخی جیاواز و ئێستای هەموو عێراق بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نە چینی سیاسی-ئاینی دەسەڵاتدار و نە جەماوەری عێراقی هیچ دەرس و پەندێك لە مێژوو وەرنەگرتووە و لەبەرئەوە هاوپەیمانێتییەکی ژەهراوی، ئیتنیکی، دینی، توندوتیژی، شەڕی جیاواز، گەندەڵی بێ سنوور، ئەکتەری دەوڵی خارجی...هتد، دووبارە دەبیتەوە، کە لە زەماندا باڵادەستە. بۆچی تا ئێستا کۆمەڵگای عێراقی نەیتوانی خۆی لەم هاوپەیمانەتی ژەهراوی باڵادەست ڕزگار بکات؟ ئایا کۆمەڵگا ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی ژەهراوی ئەم هاوپەیمانەتی دەسەڵاتداری عێراقییە یان نە؟ ئایا ئەم هاوپەیمانەتی عێراقی لە بەرژەوەندی گشتیدا بۆویە؟ نە."

هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی گەلی کورد زۆر بە هێز ئیسبات دەکەت کە تایبەتمەندییەکانی هاوپەیمانەتی جەماوەری کورد (ئەندامی حزبی، پێشمەرگە، جەماوەر، قوتابی، کۆمەڵگا، هێزەکانی ئەمنی، ماموستا، فلان کەس، 'ڕۆشنبیر'، کەسایەتی ناسراوی کوردی، ڕۆژنامەنووس، چالاکوان، دادوەر، پۆلیس،...هتد)، پێکهاتوونە لە خاڵەکانی ژێرەوە: هاوپەیمانەتی لەگەڵ ڕەفتار، کردار، فکر و هێزر کردنەکی زۆر نێگەتیڤ و ویژدانێکی زۆر نزمی میدیای، ئەمنی، بەڕێوەبردن، دارایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی، بازرگانی،...هتد؛ هاوپەیمانەتی: لەگەڵ بەرپرسەکانی مەرکەزی میلیشیای؛ لەگەڵ کۆیلەکردنی جیاوازی خۆتان؛ هاوپەیمانێتییەکی زۆر نەزان، نێگەتیڤ، بێ بەرهەم، بێ سوود، لەگەڵ دینار و دوڵار بەڵام بە چ شێوەیەک و چۆن؟ دارێک بە سەد هەزار دۆلار دەکرێت: ئەوە پارەی تۆیە یان دزراوە.
ئەگەر ژیانی ڕۆژانەی ئێوە لە ٢٤ ساعەتدا لە ئەلیفەوە بۆ یا، تەنانەت ئایین، ئیمان و بیروباوەڕی ئێوە بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی پارە و مانتاڵ دابێت، چۆن دەتوانی باسی گۆڕانکاری یان گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەیت؟ یەکێک لە گەورەترین هاوپەیمانەکانی گەلی کورد کە ئاگاداری نییە و دەستەڵاتدارە لە زەماندا، ئەوەیە کە بە بەردەوامی خۆی بێ بەها و لاواز دەبینێت، بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری هێز و توانای خۆی نییە و لە هەمان کاتدا هەست بە ئەوە ناکەت کە سەرۆک، سەرۆک وەزیر، سکرتێری حزبی زۆر زۆر لە زەینولعابدین بن عەلی لاوازترن. هاوپەیمانییەکی تری جەماوەری کورد ئەمەیە کە بە بەردەوامی خۆاردن و ئاو بە خاڵەکانی سەرەوە دەدات و لەم حاڵەتیدا باسکردنی گۆڕانکاری یان گۆڕانی ڕیشەیی هیچ مانایەکی نییە،...هتد."
کۆمەڵگای کوردی پێویستە باش ئاگادار بێت کە لەسەر ئاستی ئاگادار بۆونەوەی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی عام، پێش و دوای ٢٠ ئازاری ساڵی ٢٠٢٤ هەیە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ٥٠ ساڵی ڕابردووی کوردیدا. دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە "گواستنەوە لە ڕۆڵی شۆڕشگێریەوە بۆ چەتایەتی(جاشایەتی)، کوردستان/عێراق وەک مۆدێل"1 دەزانی چی بۆون هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ١٩٧٥؟ بۆ چەند هەزار بارزانی، کوردی فەیلی لەلایەن سەدامەوە کۆمەڵکوژ کران و بۆچی کۆمەڵکوژی ئەنفال دروست بۆو؟ بۆچی شەڕی براکوژی دروست بۆ کە ماڵی هەزاران کوردی وێران کرد؟ بۆچی ئێستا دزی، گەندەڵی و نادادپەری بێ سنووری هەیە؟ دوای تێگەیشتن لەم بابەتە، هیچ ئاستەنگەک نەماوە بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی.

هوشیار بارزانی گووت:" چۆن کۆمەڵگای کوردی هاوپەیمانەکانی جیاوازی خۆی بەکاردەهێنێت، چ دائمی یان کاتی بێت؟ بۆ تا ئێستا هاوپەیمانەکانی بەرپرسەکانی ملیشیای کوردی دەسەڵاتدارە لە سەر هاوپەیمانەکانی جەماوەری؟ چەند جار بە شداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و ئەنجامی تا ئێستا چی بووە؟ تا کەی هاوپەیمانەتی جەماوەری کورد بەردەوام دەبێت لەگەڵ: هەڵبژاردن (کەسێک گوتبووی: "یێکەتی تەنها یەک کورسیش بەدەست بێنیت هەر براوەیە چونکە خاوەن هێزە"! ئەوە بۆ پارتیش راستە)، مانتال2، ترس، کۆیلایەتی، خیانەت، نادادپەروەری، ستەم و زوڵموزوری، گەندەڵی بێ سنوور، شەڕی براکوژی، کۆنفرانس و کۆنگرە،...هتد. میلیشیای کوردی هەموو شتێکیان "کۆنترۆڵ" کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن و سەرەڕای ئەمەش، ساڵی ڕابردوو "ناکۆکی" هەبوو لەسەرئەوەی لە کوێ کۆببنەوە، کێ دەبێت بەشداری کۆبوونەوەکە بکات و باسی چی بکەن و هتد، یان پەرلەمانتارێکی گۆڕان حزب و/یان بزووتنەوەک دروست دەکات و بەشدار دەبن لە هەڵبژاردنەکان. = زۆر نەزان و بێ شخسییەتن، یارییەکی خراپ و پیس بە خۆتان و کۆمەڵگای کوردی دەکەن و ئیسبات دەکەی کە کۆیلەی مانتالی، بێ شەخسییەت و نەزانی، باش هەڵپەرن بۆ خۆتان. چەند کەس دەڵێن کاکە چۆن حاڵی نەبۆوم؟
ڕۆژ بە ڕۆژ بێزاری و توڕەیی جەماوەر زیاترە، بەڵام وەک هەر جار تا ئێستا دەکەونەوە ناو تەڵەوە، تەڵەی کلاسیکی: ترس، تەقالید، هەڵبژاردن، بێ مووچەیی، مانتال، کۆنفرانس و کۆنگرە. پیرۆزەتان بێت.
کەی جەماوەری کورد تێدەگەت کە پارە و هێزەی بەرپرسەکانی کورد بەم شێوەی کە ئێستا هەیە یەکێک لە هاوپەیمانەکانی گرنگە بۆ گۆڕانکاری بنەرەتی؟ هەر چەند چینەکانی جیاوازی کۆمەڵگا خۆیان لاواز و بێبەها ببینن ئاستەنگ 'گەورەترە' بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی؟ هاوپەیمانەتی هێزەکانی ئەمنی بە شێوەیەکی گشتی چۆنە و بە چ شێوەیەک بۆویە تا ئێستا؟ بە شیوەیەکی زۆر سادە و کورت: بەرگری کردن لە نادادپەروەری و چەند

سەرکردەیەکی میلیشیای دز و گەندەڵ کە نە بەس زۆر لاوازن بەڵام خاوەنی هیچ جۆر شەرعییەتەک نینە، کۆیلە کردنی خۆتان، هتد. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هێزەکانی ئەمنی ئەوەیە کە زۆر نارازی و بێزارن لەم بارودۆخە و ئەوەش هاوپەیمانێتییەکی زۆر باشە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی. مێژوو خۆی و بە هێز وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە هاوپەیمانەتی میدیای کوردی، ڕۆشنبیر، نوسەر، سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی کوردی چۆن بۆویە و چیمان پێ دەڵێت؟ بێ گومان هاوپەیمانەتی لەگەڵ ویژدانێکی زۆر نزم، کۆیلەکردنی جیاوازی کۆمەڵگا، کلتووری جاشایەتی، هتد بۆویە. "

کاتێک فڵان کەس قسە دەکات و لەبەر ئەوە کە بەس ویژدانی '۳د' دەناسی، یەک 'ئەرکی' هەیە: تۆش داخڵی فریکوێنسی نزم بکەت، نە یەک جار، نە دە جار پرسیاری گەورەتر لە خۆی دەکەت، بە شێوەیەکی زۆر نەزان، منداڵانە و بەبێ ئەوەی هیچ پارامێتەرێک لەبەرچاو بگرێت دەڵێت: کاکە کەی یەکتر دەبینین؟ جەوەکە زۆر خۆشە، گۆشت و جگەرمان هەیە و سەفەری فڵان شار دەکەین، ئەگەر گۆران گۆڕانکاری نەکات کێ دەیکات، فڵان کەسایەتی ناسراوی کوردی یان فڵان چالاکوان یەک دوو ساڵ پێشتر وتیان کە نابێت هیچ کەسێک بچێت بۆ دەنگدان بەڵام ئێستا پێچەوانەی ئەوە دەڵێن. = ویژدانێکی زۆر نزم وکویلەی مانتاڵی، بەڵام ئاگاداری خۆت نی. چەند کەس دەڵێن کاکە چۆن حاڵی نەبۆوم؟

هوشیار بارزانی گووت:" چین هاوپەیمانەکانی دائمی، کاتی، خارجی یان داخلی (لە مەکاندا) بەرپرسەکانی میلیشیای کوردی، وچی لە مێژوویان فێر دەبین؟ چۆن و بە چ شێوەیەک بەرپرسەکانی میلیشیای کوردی هاوپەیمانەکانی جیاوازی خۆیان بە کار دەهێنن؟ چەند تایبەتمەندی و خاڵی هاوبەشی هاوپەیمانەکانی سەرکردەکانی میلیشیای کوردی لە زەماندا: هاوپەیمانێتییەکی زۆر زانا و شارەزای نێگەتیف لەگەڵ:

- دینار و دوڵار، و کەرەستەی جیاواز وەک: نەوت، گاز، ئاو، کارەبا و هتد (بەڵام بە چ شێوەیەک و چۆن؟)، ترس، ستەم و زوڵموزوری، ئەکتەری دەولی خارجی، ڕەفتار، کردار، فکر و هێزر کردنەکی جاشایەتی جیاوازی ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردن، دارایی، ئایینی، دیپلۆماسی، سیاسی، هتد و مۆدی جەماوەری کوردی3؛

- بەکارهێنانی مێژوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەتایبەتی مێژووی بارزان - بێبەها کردنی دائمی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی عام، هاوپەیمانێتییەکی زۆر بە هێز لەگەڵ دزی و گەندەڵی بی سنوور کە بە بەردەوامی خۆی تازە دەکەتەوە، بێ پرەنسیپ و بێ مۆراڵی یەکێک لە پێکهاتەکانی گرنگی هاوپەیمانەتی بەرپرسەکانی ملیشیای کوردە (هەبۆونی چەند هەزار عسکەری(ساڵی ۲۰۲۲لە نێوان پێنج بۆ دە هەزار بۆون4، بەڵام ئێستا چەندن؟)، تورک لە کوردستاندا)، هەر هاوپەیمانێتییەکی ( کاتی، دائمی، داخلی یان خارجی، هتد: لەگەڵ ئەکتەری دەولی خارجی، یان ئەکتەری غەیری دەولی، هتد)، بەرپرسەکانی میلیشیای کوردی سێ ئامانجی سەرەکیان هەیە: پاراستنی کورسی، دەوڵەمەند کردنی خۆیان و کۆیلە کردنی جەماوەر و هێزی 'گەورە' هەیە بۆ پاراستنی ئەم سێ خاڵە.

گۆڕانکاری بنەڕەتی ئیش و کاری من لەگەڵ چەند کەسێک کە لە دوورەوە یان لە نزیکەوە یەکتر دەناسین نییە و ئەمە کارەکی جەماوەریە: هێزەکانی ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگە، مامۆستا، قوتابی، هتد؛ شێواز و جێبەجێکردنی خارجی مانتالە و هەر شتێک کە پێتان دەڵێم پێویستە بکەن. = هیچ چارەسەرێکی ترتان نییە. چەند کەس دەڵێن کاکە: چۆن شتێکی وا ڕوودەدات؟ چۆن حاڵی نەبۆوم؟

هاوپەیمانەتی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی چۆن بۆویە لە زەماندا؟ ئایا گۆڕانکارییەکی باشی بینیوە؟ نە، و بۆ بە بەردەوامی لە خزمەتی هاوپەیمانەتی چینی سیاسی و ئایینی دەسەڵاتدار دابۆویە؟ چەند تایبەتمەندی هاوپەیمانەتی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی: هاوپەیمانێتییەکی بە هێز لەگەڵ:

- مۆدی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی و مۆدی دەسەڵاتدار؛ - کۆیلەکردنی جیاوازی خۆتان؛ - ڕەفتار، کردار، فکر و هێزر کردنەکی زۆر نێگەتیف و ویژدانێکی نزمی دینی، سیاسی، میدیای، ئەمنی، بەڕێوەبردن، دارایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد؛

- دین، تائیفییەت و ئەکتەری دەوڵی خارجی؛

- دینار و دوڵار بەڵام بە چ شێوەیەک و چۆن؟ زۆر نەزان، نێگەتیف، بێ بەرهەم، بێ سوود،

یەکێک لە گەورەترین هاوپەیمانەکانی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی کە ئاگاداری نییە و دەستەڵاتدارە لە زەماندا، ئەوەیە کە بە بەردەوامی خۆی لاواز وبێ بەها دەبینێت، بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری هێز و توانای خۆی نییە و لەبەر ئەمە هاوپەیمانێتییەکی تایبەت و بەردەوام هەیە لەگەڵ ترس5، کۆیلایەتی، هەڵبژاردن، مانتال، خیانەت، نادادپەروەری، ستەم و زوڵموزوری، گەندەڵی بێ سنوور، شەڕی براکوژی، ئەکتەری دەوڵی خارجی و هتد. = پێکهاتەکانی 'سابتی' هاوپەیمانەتی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی کە زۆر نێگەتیف و ڕۆڵێکی خراپیان هەیە. ڕۆژ بە ڕۆژ بێزاری و تورەیی جەماوەر زیاتر دەبێت، بەڵام هەموو جار دەکەونەوە ناو تەڵەوە، تەڵەی کلاسیکی: ترس، هەڵبژاردن، مانتال، تەقالید، تائیفییەت و هتد.

پێش ئەوەی باسی هاوپەیمانەکانی چینی سیاسی-ئاینی دەستەڵاتداری عەرەبی عێراقی بکەم، لێرەدا چەند خاڵ و پرسیار دەخەینەڕوو: پێویستە خەڵک ئاگاداری ئەوە بن کە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق (وەک ئەوانەی پێشتر)، لە خزمەت کردنی بەرپرسەکانی مەرکەزی سیاسی و دینی عێراق دایە و ئەجێندای ئەوان و ئەکتەری دەوڵی خارجی (کە دەڵێت فلان کەس پێویستە ببێت بە وەزیر و گوزیر)، جێبەجێ دەکات، و لەبەر ئەوە دەڵێت:عێراق لە رووی سیاسی و ئەمنیی سەقامگیرە! بۆ چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عێراقی گرنگ نییە کە: یاسا، یاسای میلیشیای و ئەکتەری دەوڵی خارجی بێت؛ کوشتن و بریندارکردنی هەزاران خۆپیشاندەران؛

بەردەوام بۆونی دزینی نەوت لە هەموو عێراقدا؛ دزی گەندەڵی وساختەکاری زۆر قووڵ لە ناو دەوڵەتدا؛ چەند ملیۆن کەس لە ژێر هێلی هەژاریدان یان چەند ملیون کەس ئاوارە بۆونە؛

عێراق لە خراپترین ریزبەندی وڵاتانە بۆ پاراستنی ئازادییەکان؛ مەترسی هەیە کە وەک بانکەکانی لوبنان بە سەرعێراق بێت چونکە نەبەس بەڕێوەبردنەکی میلیشیایی دەسەڵاتدارە بەڵام لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراق بۆ زیاتر لە ۹۰٪ی داهاتەکەی پشت بە نەوت بەستووە و هەر کاتێک نرخی نەوت دادەبەزێت کێشەی زۆر دروست دەکات؛ چەند کەس لە سەرانسەری عێراقدا بروانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆیەکانی داخلی یان دەرەوەی عێراق بە پارە کڕییانە؛ هتد. جەماوەری عێراق پێویستە باش ئاگادار بێت کە بەڕێوەبردن لە عێراقدا، بەڕێوەبردنەکی ۱۰۰%ی میلیشیای، نەخۆشە وشتێکی زۆر ئاساییە کە بڵێین:عێراق لە رووی سیاسی و ئەمنیی سەقامگیرە!

چین هاوپەیمانەکانی جیاوازی میلیشیای سیاسی وئایینی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی؟ وچی لە مێژوویان فێر دەبین؟ بێ گومان خاڵەکانی هاوبەشی هاوپەیمانەکانی بەرپرسەکانی میلیشیای سیاسی وئایینی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی زۆرن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەرپرسەکانی میلیشیای کوردی. سەدام هاوپەیمانییەکی بە هێز هەبۆ لەگەڵ ئایدۆلۆژیای بەعس، دیکتاتۆریەت، توندوتیژی، تائیفییەت و کویڵە کردنی کۆمەڵگا.

دوای ڕووخانی سەدام هاوپەیمانی نوێ ئایینی، سیاسی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی، تائیفی هتد، دروست بوون کە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی ژێرن: هاوپەیمانییەکی:

- شەرعی زۆر باش، تازە، بە هێز، بەردەوام و بە کوالێتییەکی بەرز دروست بۆ لەگەڵ دزی و گەندەڵی بی سنووری: ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردن، دارایی، ئایینی، دیپلۆماسی، سیاسی، تەندروستی، پەروەردەیی، میدیای وهتد؛
- زۆر زانا، شارەزا، بەردەوام و نێگەتیف لەگەڵ ترس، ستەم و زوڵموزوری، تائیفییەت، ئەکتەری دەولی خارجی و مۆدی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی؛
- بە هێز لەگەڵ ویژدانێکی زۆر نزم و بێبەها کردنی دائمی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی بە شێوەیەکی عام،
- زۆر نەزان، نێگەتیف، بێ بەرهەم، بێ سوود، لەگەڵ دینار و دولار و کەرەستەی جیاواز وەک: نەوت، گاز، ئاو، کارەبا و هتد هەیە بەڵام بە چ شێوەیەک و چۆن؟ و هتد. وەک تۆپی پێ یاری بە ملیارەها دۆلار و دینار دەکەن6. پیرۆزەتان بێت.

ئایا سەدام وتبوو:کەی پەککەمان لە خاکەکەمان دەرکرد، دەتوانین بە تورکیا بڵێین بەسە؟. نە. بەڵام بۆ چینی سیاسی و ئاینی دەسەڵاتداری عێراقی زۆر ئاساییە کە سوپای تورک بەقوڵایی ۳۰ کیلۆمەتر و بە بەدرێژایی زیاتر لە ٥٠ کیلۆمەتر داخڵی خاکی کوردستان و عێراق بێت.

هاوپەیمانانی کاتی یان جار بە جار لە دوای ساڵی ۲۰۰۳ 'زۆتر' دروست و خراپ دەبن و وەک هاوپەیمانانی دائمی سێ ئامانجی سەرەکیان هەیە: کۆیلە کردنی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی، دەوڵەمەند کردنی خۆیان، پاراستنی کورسی و بۆ ئەم سێ خاڵە عێراق زۆر زۆر سەقامگیرە."

وشەیەکی زۆر کورت، سادە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا و قەندیل: هەر وڵاتێک تایبەتمەندییەکانی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان خاڵەکانی هاوبەشی هاوپەیمانەکانی دەسەڵات و جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن لەگەڵ ئەوانەی عێراقی. بۆ نموونە تورکیا: لێرەدا باسی هاوپەیمانەکانی تورکیا لەگەڵ ناتۆ یان وڵاتانی دراوسێ ناکەم. مێژووی هاوپەیمانانی داخلی دەسەڵات لە تورکیا چیمان فێر دەکات؟ دۆخی ئێستای تورکیا و مێژوو وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

چەند تایبەتمەندی هاوپەیمانانی داخلی دەسەڵات لە تورکیا: هاوپەیمانییەکی زۆر بە هێز لەگەڵ ترس و تیرۆریزم کە هەر دووکیان موقەدەسن؛ هاوپەیمانییەکی سابت و بە هێز لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەر، ستەم، زوڵموزوری و توندوتیژی جیاواز لەگەڵ کۆمەڵگا بە تایبەتی جەماوەری کورد؛ هاوپەیمانەتی لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردنی جیاوازی وڵاتانی غەربی بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت: کۆپی کردنەکی زۆر نەخۆش و سقەت؛ خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش نەبۆویە؛ و هتد = هاوپەیمانانی دائمی کە نەخۆشن و دەسەڵاتدارن لە سەر هاوپەیمانانی کاتی.

لێرەدا باسی هاوپەیمانەکانی قەندیل لەگەڵ ئەکتەری دەولی یان غەیری دەولی ناکەم. مێژووی هاوپەیمانانی قەندیل چی پێمان دەڵێت؟ ئایا خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش بۆویە؟ نە. هاوپەیمانەتی لەگەڵ ویژدانێکی نزمی جیاوازی عسکەری، نێودەوڵەتی، ستراتیژی، بەرەێوەبردن وعەقڵەکی تەسک، کلاسیکی، عەشایری و کورتخایەن؛ هاوپەیمانەتی لەگەڵ بەرژەوەندی حزبی کە دەسەڵاتدارە لە سەر بەرژەوەندی گشتی؛ هاوپەیمانێتییەکی سقەت و نەزان لەگەڵ بەکارهێنانی'هێزی عسکەری' بە تایبەتی لە کوردستانا عێراقیە و هتد. = چەند تایبەتمندی هاوپەیمانەکانی قەندیل.

لە کۆتاییدا هوشیار بارزانی گووت:" مێژوو و بارودۆخی ئێستای عێراق بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەر جۆرهاوپەیمانییەکی چینی دەسەڵاتداری عێراقی دژی جەماوەری عێراقە. دوای ڕووخانی سەدام، چینی سیاسی-ئاینی عێراقی بە شێوەیەکی زانا و شارەزا هاوپەیمانی نوێ هەرێمی، نێودەوڵەتی، ناوخۆیی، دەرەکی، ئایینی، ئەمنی، ئابووری، تائیفی و هتد، دروستیان کرد بۆ یەک ئامانجی سەرەکی: پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بە هەر بەها و نرخێک بێت: هەبوونی بنکەی سەربازی خارجی لە عێراقدا و خزمەت کردنی ڕاستەوخۆی ئەکتەری دەولی خارجی، تەنانەت ئەگەر کوشتن و بریندارکردنی هەزاران خۆپیشاندەرانیش بێت یان تاڵانکردنی بێ سنووری سەروەت و سامانی عێراق، هتد. جەماوەری عێراق چۆن دەتوانی خۆت لە هاوپەیمانەتی زۆر نێگەتیف، توندوتیژی جیاواز، ستەم و زوڵموزوری، تائیفییەت و ئەکتەری دەولی خارجی، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، هتد ڕزگار بکەی؟ تا کەی وەک تۆپی پێ دەبی بۆ چینی دەسەڵاتداری عێراقی؟ چارە چییە؟ ئەم بابەتە خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە."

ئەگەر تۆ کۆیلەی مانتال نەبی، دەزانی کە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە زۆر گرنگە.

م. ئەمین


1. https://www.facebook.com/100067947618581/videos/2081082235591968/?extid=NS-UNK-UNK-UNK-IOS_GK0T-GK1C
https://www.facebook.com/100067947618581/videos/1451971592356059/?__so__=permalink
https://kcdme.com/Ayoub%20Barzani%20article---%2020.03.2024.pdf
2. https://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf
3. https://kcdme.com/M.%20Amin%2005.05.2023%20Original----.pdf
4. https://www.swp-berlin.org/10.18449/2022C37/
5. https://kcdme.com/M.Amin%2026.07.2023%20---PDF.pdf
https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
6. https://kcdme.com/M.%20Amin%2004.05.2022.pdf